ستراتیجیەتی بنیاتنانی توانا پیشەیەکان و پارێزگاری یاسایی بۆ کارمەندانی راگەیاندن لەجیهانی عەرەبی (دەستەبەرکردنی ئازادی رادەربڕین تەنها بەرزگاربوون لەکۆتە یاساییەماندوکەرەکان نابێ بەڵکو بەدەستەبەرکردنی بەرزترین نمرەی پیشەیی‌و کارامەبوون لەنێو کارمەندان‌و ئەوانەی پێی هەڵدەستن.

راگەیاندن لەم چەرخەدا خەریکە دەبێتە پیشەیەکی تایبەتی بەخۆی، و پیشەکە داوا لەپیشەوەرەکانی دەکات، کە پلەیەکی بەرزی هۆشیاری هەبێت، کە پەیوەندی بەمافەکان‌و پێداویستیەکانی پیشەکەی هەبێت، وەزانیاری فراوانی لەرۆشنبیریەکان‌و زمانە جۆربەجۆرەکان‌و جیاوازەکان‌و تواناکانی تر هەبێت لەدیاری کردن‌و تێگەیشتنی‌و بەکارهێنانی پێشکەوتنە تەکنیکە تازەکان لەبواری گۆڕینەوەی زانیاریەکان.

لێکۆڵینەوە کە پاش بەجێهێنانی رووپێویەکی مەیدانی لەتوانا ڕاگەیاندنەکان لەنیشتمانی عەرەبی گەیشتە ئەو دان پیانانەی بەنزمبونەوەی کارامەیی راگەیاندن لەوڵاتە عەرەبییەکان بۆ ئاستی ترسناکەکان رابەری دەکات‌و بەکارتێکردن لەگەڵ هۆیەکانی تر وەك چەوسانەوەی رامیاری دواکەوتووی ئابووری‌و رۆشنبیری بۆ گرژبونێکی گەورە لەکایەکانی چێژوەرگرتن بەئاستی نزمترین ئاقار لەئازادی رادەربرین لەگەڵ دیاری کردنی جیاکاری زۆرکەم.

بەلەبەرچاوگرتنی هەندێ باشبوونی بارودۆخ رۆژنامەنووسی لەکوردستانی عێراق بەڵام ریپۆرتاژێك کەشێرکۆ حبیب پێشکەشی کردووە بۆ کارگوزاری ئیشکردن لەیەکێتی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییەکان کە لەقاهیرە بەم دواییانە گرێ درا بوو تیادا دەست نیشانی دەکات بۆ پێویستی زۆر بۆ شیاوێتی نێودەوڵەتی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان دوای چەند سەدەیەکی درێژ لەکوشت‌و بڕ پەراوێز خستن لەلایەن رژێمی پێشوو.

لەوانەیە وەستان لەلای ڤایلبوەکان کە پسپۆرەکان‌و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان پێی گەیشتوون گرنگ بن کەچاودێری پێشکەوتنەکانی ئازادی رادەربڕین لەعێراق دوای رووخانی رژێم‌و لەبەرچاوگرتنی لەهەموو هەنگاوەکان، کەئامانجی بێت بۆ ئازادی رادەبڕین رێکخراوی رۆژنامەنوسانی بێ سنور سووربوونیان لەزیاتر بەیاننامەیەك لەترسناکی باری عێراق پیشان داو بەخراپترین‌و ترسناکترین دانرا لەجیهاندا.

لەهەندێ بڕوانامەو توێژینەوەکان، کە رێکخروی (اندکس) بلاّویان کردوەتەوە هاتووە، کە بینراوی گۆڕەپانیی دەنوێنێت لەئازادی رادەربڕین لەعێراق دوای ساڵێك لەڕوخانی رژێم، توێژینەوەکە سوربونی خۆی لەسەر ئازادی رادەربڕین لەعێراق کە (ابراهیم نوار) کردویەتی (کۆمەڵ‌و لاوازی رێکخراوی رۆژنامەنوسی لەعێراق بێ توانا لەدروستکردنەوەی سەندیکای پیشەیی پارێزراو و کارتێکەر جگە لەهەستکردن بەبێ بڕوای بەم رێکخراوانەو بەڵکو دامەزراوەکانی راگەیاندنە، کە پارە وەردەگرن یان هێنراونەتەکایەوە لەلایەن دەسەلاّتی داگیرکەرەوە، توێژەر (یحی شقیر) ترسەکانی پیشاندا لەئایندەو ناڕوونی خەونەکانی گۆران، بەلاّم پسپۆر (رومان جایاسیکیرا) دەست نیشانی کارتێکەرەکانی ئەو بڕیارە هەلاّنەی کۆنگرەی (ئەسینا) کە دانران پێش رووخانی رژێم ستراتیجیەتێکی نامۆیە بۆ گەرانەوەی شیاوێتی راگەیاندنی عێراق دروست لیژنەکان سەرنەکەوتنی تاقیکردنەوەکانی پەراوێزخستنیانی سەلماند بۆ رای گشتی کارمەندانی راگەیاندن لەناوخۆ.

## دووەم: یاساو رێساکان‌و گەلاّڵەنامە نێودەوڵەتییەکان:

پێش قسەکردن لەسەر یاسا هاوچەرخە دانراوەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئازادیی هزرو رادەربڕین دەبێ سووربوون لەئەم کێشە کۆنە بەکۆنی بونی مرۆڤایەتی‌و فەیلەسوفەکان لەرۆژهەلاّتی کۆن بەتایبەتی هتد..و توێژینەوەکانی بوزاو چین و بیروباوەرەکانی کۆنفۆشیوش‌و بیری بابلییەکان‌و میسری کۆن‌و توێژەرەوەکانی فەلسەفەی یونان‌و هەروەها ئایینە ئاسمانیە بنەرەتیەکان رووبەڕووی بونەوەو ئەنجامەکانی لەقوتابخانەکان کە قوڵبوونەوە لەلێکۆڵینەوەی رەوشت‌و ئازادی (چەمکەکانی ئازادی وەك فەرهەنگەکان و راکانی فەیلەسوفەکان‌و بیرمەندان و رامیارکارە زۆرەکانکەبەش بەش بوونەتەوەو بلاّوبونەتەوە بەناو خەڵکداو قوتابخانەی تایبەت‌و تیۆری تایبەتیشیان هەیە بەلاّم کرۆکی واتاکەی ئەوەیە کارەکانی مرۆڤی هۆشیار لەویستی خۆیەوە دەردەچێت نەك لەویستێکی نامۆیی خۆی لەدەرەوە ناسەپێنرێت بەسەریداو توانای ڤایل بوون یان وەرنەگرتنی ئەو تاقیکردنەوەیە یان دژی وەستانی) بۆیە ئێمە بۆمان نییە قوڵبوونەوەو زیادەڕۆی لەگێرانەوەی رەهەند فەلسەفییەکانی یان هزریەکانی کێشەکە بکەین بەڵکو (لەسەرمانە بۆ لێکۆڵینەوەی ئازادی وەك خۆی کە کێشەیەکی کۆمەلاّیەتی گرێدراوی توندە بەکێشە یاسایی و رامیاریەکانەوە پیشان بدەین و پێویستە مەرجەکانی ئازادی و سنورەکانی دەربخەین وە باس لەواتای بەرپرسیارێتی‌و ئەو ئەنجامانەی، کە بەسەریدا کەوتون‌و باس لەلێدانەکان ئازادییەکان پەیوەندیەکان نێوانیان بکەین وە لێرەوە ئەو کێشەیە ئەستەم دەبێ کە تێیداین لەکێشەیەکەوە بۆ کێشەی تر دەبێ. بابەتەکەش ئازادی تەنها نابێت بەڵکو ئازادییەکان دەبێت.

مەبەستم ئەوەیە لەوانەیە سروشتی خۆی وون بکاو بۆئەوەی ببێتە گرفتێکی هەبوو پەیوەندی بەئازادیە دیارەکانەوە هەبێت لەکاتێکی دیارو لەشوێنێکی دیاردا.

ئاشکرایە کە دەست نیشان بۆ ئەوەی کە جێبەجێکردنی راگەیاندن لەناو ژینگەیەکی دیاریکراو دەکرێ کە پێویستە ملکەچ یان کارتێکراوی یاساکانی ناوخۆی بێ یەکەمیان دەستورو یاساکان، کە ئازادی رادەربڕین دەبەخشێ یان قەدەغە دەکات وە دەبێ کارمەندی راگەیاندن بەوردی سنورە رێگەپێدراوە یاسایەکانی بزانێت بۆ دەستاودەست کردنی زانیارییەکان‌و راکان‌و بۆ